# خۆپیشاندانی شاری ستۆکهۆڵم سەرکەوتووانە کۆتایی هات

**لەسەر بانگهێشتی کۆمیتەی بەرگری لە ئازادی سیاسی لە سوید دەیان کەس لە ئازادیخوازانی شاری ستۆکهۆڵم ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/١٧ کاتژمێر دوانزە و نیوی نیوەڕۆ لە گۆڕەپانی ( ستراند ڤێگن) بە لافیتە و تراکتەکانەوە کە شیعاری کۆبوونەوە خۆپیشاندانەکەی لەسەر نووسرابوو کۆبوونەوە، پاشان بە شێوەی ڕێپێوان بەرەو سەفارەتی ئەمریکا بەڕێکەوتن. خۆپیشاندەران بەدەم ڕێپێوانەوە شیعارەکانیان دەووتەوە و هاواریان دەکرد ( ئازادی بۆ د.کەمال )، (بژی ئازادی سیاسی). کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ خۆپیشاندەران بەدەم هوتاف کێشان و ووتنەوەی خواستی ئازادی بۆ د.کەمال و بژی ئازادی سیاسی لەبەردەم سەفارەتی ئەمریکا کۆبوونەوە ، پاشان ٣ کەس وەکو نوێنەری خۆپیشاندەران کە بریتی بوون لە بەڕێزان ( زەیتۆ کەریم ، هیول گولْ ، عبدالرحمن زەنگەنە) چاویان بە نوێنەری سەفیری ئەمریکا کەوت**

**شایانی باسە نوێنەری سەفیری ئەمریکا پێشوازیەکی گەرمی لە نوێنەرەکان کرد پێی ڕاگەیاندن کە ئەوان ئاگاداری کێشەی د.کەمال و خواستی خۆپیشاندەرانن، پاشان نوێنەرەکان نامەی خۆپیشاندانەکەیان دایە دەست نوێنەری سەفیری ئەمریکا. ئەویش بەڵێنی پێدان کە وەڵامی ڕەسمی حکومەتی ئەمریکا بە خواستی خۆپیشاندەران دەگێڕنەوە.**

**پاشان نوێنەرەکان گەڕانەوە لای خۆپیشاندەران و بەدەم هوتاف کێشان و هاواری بژی ئازادی سیاسی و ئازادی بۆ د.کەمال لەبەردەم سەفارەتی ئەمریکا کۆتایی یان بە خۆپیشاندانەکە هێنا .**

**خۆپیشاندانەکە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند و سەرکەوتووانە لە حەماس و شۆڕ و شەوقی بەشداربووانی خۆپیشاندانەکەدا کۆتایی هات.**

**ئازادی بۆ د.کەمال سەید قادر**

**بژی ئازادی سیاسی**

## کۆمیتەی بەرگری لە ئازادی سیاسی ـــ سوید

**٢٠٠٦/٣/١٧**